# هەڵسەنگاندنی گوڵان بۆ هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی

**یاســین قادر بەرزنجی وەك ئەكتەر و نووســەرێكی قەڵــەم ڕەنگین كە توانیویەتی دەگمــەن بوونی خۆی بەشــێوەیەكی بەرچاو بســەلمێنێت و لە بــواری نواندندا ئەو ڕۆڵانەی بەرجەستەیان دەكات شوێن پەنجەی دیــارە و كــەس ناتوانێــت نكوڵی لێبكات و شــیاوی دەستخۆشین، لە بواری نووسینیشدا وتار و كتێبەكانی گەواهیدەری دەسترەنگینییەتی، بۆ ئەم ژمارەیە بە پێویســتمان زانی ڕا و بۆچوونی چەند كەســێكی شارەزا لە بواری نواندن و نووسیندا بخەینە ڕوو.**



### وەكو مرۆڤێكی خزمەتگوزاری هونەریی و فەرهەنگی جێگای دیارە

**سەرەتا مامۆستا و هونەرمەندی گەورەی مەزهەر خالقــی دەربارەی ناســین و ئاشــنایەتی لەگەڵ هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی دەڵێت:**

یەكەمجار ســاڵی ٢٠٠٣ بوو كە (كاك یاسین قــادر بەرزنجی)م بینی وەكو هۆگرێك بە دەنگم و كەسایەتییەكی شاری سلێمانی لە بواری میدیا و هونەریدا ســەردانی كردم، لەو كاتەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام ئاگام لەكار و تێكۆشــانی فەرهەنگی و هونەریی كاك یاسین هەیەو وەكو كەسایەتییەكی پڕكارو دڵســۆز لە بواری نووســین و وەرگێڕان و میدیا، ئاگادارم وەكــو مرۆڤێكی خزمەتگوزاری هونەریی و فەرهەنگی شــاری سلێمانی جێگای دیارە. ئەوەی كە بۆ ئەمڕۆی وڵات پێویستە، ڕۆحی هاوكاری و تەباییە لە كارە بەكۆمەڵەكاندا، كە لە وجودی كاك یاســین دا هەیــە و بووەتە هۆی سەركەوتنی لە هەر پرۆژە و بەرهەمێكیدا.

هەروەها وەكو ســەرچاوەیەكی ئاگادار لە ڕابردوو و ئەمڕۆی شــاری ســلێمانی دەیناسم كە خودی ئەمــە یەكێكە لە پێویســتییە گرنگەكان بۆ ئەم جیلە و جیلەكانی داهاتوو .. هەڵدانەوەی نموونەی كارەكانی پێویســت ناكات، بەڵام ســوودمەندی ڕۆژنامــەی (ئاســۆی كتێبخانە) شــاهیدێكی زینــدووە بۆ خەباتی فەرهەنگیــی ئەم ڕۆژانەی كاك یاسین (سەرنووسەری ئاسۆی كتێبخانە)یە، بۆ شاری سلێمانی و كتێبخانەكانی كوردستان.

### سەركەوتووی هەردوو بواری نواندن و نووسین

خانمە هونەرمەند بەدیعە دارتاش بەو شێوەیە باسی هونەرمەند و نووســەر یاسین بەرزنجی دەكات: بۆ یەكەمجار بوو لەســاڵی ١٩٧٥، لە شاری سلێمانی بەشداریی میهرەجانی سەرانسەری عێراق بكات لە بەغدا بۆ ئۆپەرێت، مامۆستا هونەرمەندە دڵسۆزو نیشــتمانپەروەرەكانی چالاكیی قوتابخانەكانی ئەو كاتە كەوتنە گەڕان بــەدوای خوێندكاری لێهاتوو و بەتوانــا لە بــواری نواندندا، بــە ڕەچاوكردنی توانــای جەســتەیی و دەنگییــەوە، لەئەنجامدا كۆمەڵێــك گەنجی بەهرەمەند لــە كوڕان و كیژان دەستنیشانكران.

منیــش وەك دەرهێنەر ئۆپەرێتی (كۆتایی زۆردار)ی مامۆستا (گۆران)م هەڵبژارد بوو، زۆر پێویستم بەچەند كوڕێكی بەهرەمەندو لێهاتوو بەتوانا هەبوو بۆ بەرجەستەكردنی كەسێتییەكانی ئۆپەرێتەكە.

خۆشــبەختانە چاوم كەوتە سەر كوڕێكی روخسار گەشی لێهاتوو و بەشێوەو قەڵافەت و دەنگ سازو زوڵاڵ و لەبارو گونجاو، كە ئەویش كاكە یاســین قــادر بەرزنجی بوو، توانی زۆر بەســەركەوتوویی ڕۆڵی خۆی ببینێ، لەو بارودۆخە ســەختەی ئەو كاتدا، بەهەوڵی دڵســۆزان توانرا ســلێمانی ببێتە خاوەنی خەڵاتی یەكەم لەنێــوان (١٧) پارێزگای عێراقدا.

ئیــدی لەو كاتەوە خۆشەویســتی ئەو هونەرمەندو نووســەرە بەرێــزەم چووە دڵــەوەو بــە ئومێدی ئەوەبووم، ڕۆژێ لە ڕۆژان وەك دایكێكی دڵســۆز لــە بەرهەمێكــدا یەكبگرینەوە، ئــەم هونەرمەندە بەرێزە هەر لەســەرەتای ژیانییــەوە لەپاڵ نواندندا ئاڵــودەی نووســین و خوێندنەوە بوو، جێدەســتی دیاربوو لە نووســیندا، هەرچەندە كەزۆربەی زۆری نووسینەكانی لە خزمەتی هونەری شانۆدا بووە، كە ئەوەش سەركەوتنێكی دی دەبەخشێ بە هونەرەكەی و لە هەردوو بوارەكەدا نووسین و نواندن توانیویەتی ســەرنجی بینەران رابكێشــێ بەلای خۆیدا. لەدوا وتەمدا هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باشی بۆ دەخوازم و بەخواو ســەركەوتنی هەمیشــەیی دەسپێرم.

**توانی، بەحەق، هونەرمەندێتی خۆی بسەلمێنێ**

**مامۆستای شانۆكار ئەحمەد سالار كە شارەزاییەكی زۆری لــە بواری هونەری نوانــدن هەیە و هەموو تەمەنی خۆی لەم بوارەدا بەســەر بردووە دەربارەی هونەرمەند یاســین بەرزنجی بەم شێوەیە بیروڕا و سەرنجی خۆی دەردەبڕێت:**

هونەرمەند یاســین قادر بەرزنجــی لە بەرەبەیانی بەهــرەو تەمەنــدا بــوو، كەوتە خولیــای كاری شــانۆییەوەو بەپەرۆشی و جۆشــێكی ئاشقانەی ســەرگەرمەوە كەوتە چەقی كۆڕو كۆمەڵی هونەر نوێیانەوە. لەیەكێ لەو كارانەدا، لەشانۆیی (مۆڵەت)ی (محێدین زەنگەنە) كە كاكە(شــێركۆ بێكەس) كردبــووی بەكــوردی و منیــش دەرهێنەری بووم كارەكتەری سەرەكی دەبینی، كەسایەتی(بەختیار)و بەرامبەر ژمارەیەك ئەكتەری دیاری ئەو سەردەمەو، توانی بەحەق هونەرمەندێتی خۆی بسەلمێنێ و بۆ هەمــووان بنوێنێ، ئەو ڕووداوە هونەرییە، جوانترین ڕەنگدانەوەی لەناخما دروســت كــرد. لە زۆربەی كارەكانماندا، چ لە تیپی پێشــڕەو چ لەشــانۆی زانكۆو هەتا هەنووكەش لە بەرهەمەكانی شــانۆی ســالاردا بوونی پرشــنگداری هەبووە. لەگشــت بوارەكاندا، دراماو رادیۆو، ســینەماو تەلەفزیۆن و شانۆو، لەهەر كارێكیشدا بەجوانترین شێواز، هەقی تەواوەتــی بەكەســایەتییەكانی داوە، كەس هەیە، نكوولی لە نواندنی كەســایەتی(فایەق) لە زنجیرە درامای(ئــارەزوو)دا بكات، یان لەهەر نواندنێ كە نواندبێتــی...؟ بەڵام «درێغ كــوا قەدرزانی»!؟

لایەنێكــی دیكەی: ئــەم هونەرمەنــدە، لایەنی قەڵەمداریەتــی و، لەوەش گرنگتــر، ئەو بابەت و بوارانەیە كە تیایدا دەنووسێ.

یەكێ لەو ڕووە گەشــانەی نووسینەكانی، بواری ئەرشیف و مێژووی شانۆی كوردە، كە بەرهەمەكانی بایەخێكی بەرزیان لەئاستی لێكۆڵینەوە زانستیەكاندا هەیــەو زۆربەیان بوونەتە چاوگــی باوەڕپێكراوی چەندین ماستەرنامەو دكتۆرانامە.

جگە لەوە چەندین شانۆیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، بەهەمان شــێوەی توێژینەوە شــانۆیی و هونەرییەكانی.

بوارێكــی تری دەســتڕەنگینی ئــەم هونەرمەندە توانــا بۆشــناغە، ڕۆژنامەوانییــەو، بەتایبەت، ڕۆژنامەوانی هونەرو ساڵەهایەكیش سەرنووسەری گۆڤارە تاقانەكــەی هونەرەجوانەكان(شــاكار)ی هونەرمەندان بووە. هەر لەبــواری ڕۆژنامەگەریدا خاوەنــی ســتایلی تایبەتی بووە، ئــەوەش پتر لە چیرۆكــە ڕۆژنامەییەكانیدا دەردەكەوێ و گەواهی

ڕاستگۆیانەی بۆ دەدەن.

### بەخۆیی و زەردەخەنەکانییەوە دەچێتە ناو دڵی من و ویژدانی جیهانەوە

**«جەبار جەمال غەریب»ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس بەم شێوەیە دەربارەی یاسین بەرزنجی هاتە ئاخافتن:**

یاسین قادر بەرزنجی: بەڕاستی ئەو ناوە بۆ ئەو پیاوە شیرینەی من دەیناسم زۆر قورسە. من ئەوم لەگەڵ تەلەفزیۆن ناسی، ئەوم بە ناوی (بەخە) بەختیارەوە ناسی. بەخۆیی و ڕۆحێکی غەریب و دەموچاوێکی منداڵانە و پێکەنینێکی ئەوپەڕی سادەوە. هەر لە سەرەتایەوە ئەو پێکەنینە سادە و بێباك و دڵسافەی هێزێکی گەورەی دامێ بەرگەی دیوە ڕاستەقینەکەی ژیانی پێبگرم کە سیخناخ بوو بە فێڵ و درۆ و ریا. بەڕاستی ئەو پێکەنینە لەسەر نەخشەی تەمەنی من و نەخشەی ژیان جێگای خۆی کردەوە. ئەو پێکەنینەی کاك یاسین قوڵترین گریان بوو تا ئەو کاتە بەرەو ڕووی دنیای پڕ کارەساتی مرۆڤی کورد کرابێتەوە. ئەوەی جێگای دڵخۆشییە ئەو پێکەنینە تەوساویەی تائێستا رووخساری کاکی بەرزنجی جێنەهێشتووە. تا ئەمڕۆ ئەو پیاوە شیرینە بەخۆو زەردەخەنەکانییەوە دەچێتە ناو دڵی من و ویژدانی جیهانەوە.

### هەمیشە خاکەڕاوسادەیەو لەگەڵ گەورەو بچووکدا هاوەڵانە مامەڵە دەکات

**هونەرمەندی شانۆکار ئەرسەلان دەروێش کە یەکێکە لە هاوڕێکانی هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی دەڵێ:** لەبەرئەوەی ئەم دەرفەتە جێی ئەوەی تیانابێتەوە باس لەبەخششەبەهادارو فرەلایەنەکانی هاوڕێ و برای خۆشەویستم کاك (یاسین قادر بەرزنجی) هونەرمەند و نووسەرو ڕۆژنامەنووسی تیادابکەم، کە لەماوەی چوار دەیەی تەمەنیدا شارەزایەکی پڕلە بەرەکەتی ڕەنج وتەقەلای ماندوونەناسانەی تیا کۆکردۆتەوە،بەگرنگی دەزانم باس لە دووخەسڵەتی جوان و بەرزی ئەم مرۆڤە هونەرمەندە بکەم کە مخابن ئێستا لەناوەندە هونەرییەکەماندا زۆر کەم بوونەتەوە،ئەو دووخەسڵەتە جوانەش بریتین لە (خاکەڕایی) و (ئەمەکداریی).

کاك (یاسین) وێڕای ئەوەی کوڕی خانەوادەیەکی ناسراوو نیشتمانپەروەرە و تەمەن وئەزموونێکی هونەریی پڕبایەخ و شایستەی هەیەو پیاوێکی ئەکادیمی وفرەبەهرەی ئەدەبی وهونەرییە،بەڵام لەسەرەتای یەکتر ناسینمانەوەوبەدرێژایی ئەم(سی) ساڵی ڕابردووە ئەوئاکارە گەورەیەم تیاون نەکردووە کە هەمیشە خاکەڕاوسادەیەولەگەڵ گەورەو بچوکدا هاوەڵانە مامەڵەدەکات و هەرگیز درێخی نەکردووە لەبەخشینی زانیارییەك یاخود توانایەکی خۆی کەبەبێ بەرانبەر پێشکەشی بەوانی دی بکات. هەروەها ئەوەی لەنزیکەوە ئاشنای ئەم مرۆڤە بێت ئاستێکی دەرەوشاوەی ئەمکداریی ودڵسۆزی تیابەدی دەکات. کاك(یاسین بەرزنجی)نەك بەتەنها لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەو کەسوکاروهاوڕێ نزیکەکانیدا ئەمەکدارە، بەڵکو ئەمەکدارییەکەی سەبارەت بە پێشەنگەکانی هونەرو ڕۆشنبیریی کوردی و ڕۆژگارە دێرینەکانی ئەم ناوەندەش هەیە، بە ڕوونی ئەم ئەمکدارییە لەنێو نووسین وکتێبەکانیدا بەدیارکەوتووە. دیارە ئەم چەند دێڕە ناتوانن لەئاست کەسێتی هەڵکەوتووی ئەم هونەرمەندە بەتواناو بەهرەمەمەندە بێت، بەڵام بۆیە ئەودووخەسڵەتەم هەڵبژارد کە قسەیان لەسەربکەم چونکە خەسڵەتی پیاوی گەورەن کاکە( یاسین بەرزنجی )ش پیاوێکی گەورەیە.

### بڕوام نییە ڕق و کینە هەرگیز لە دڵیدا جێگای بێتەوە

**هونەرمەند عەدنان کەریم کە یەکێکە لە دۆست و هاوڕێ نزیکەکانی یاسین بەرزنجی تەنانەت لە دانانی ناوی ئەلبوومەکانیشی راوێژی پێدەکات بەر لەوەی ناویان بۆ دانێت، دەربارەی یاسین بەرزنجی دەڵێت:**

یاسین بەرزنجی یەکێکە لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم مرۆڤێکی دڵپاک و مرۆڤدۆستە، بڕوام نییە ڕق و کینە هەرگیز لە دڵیدا جێگای بێتەوە، بەر لەهونەرمەندییەکەی مرۆڤێکی جوان و سەر ڕاستە . خوێندەوار و زمانێکی جوانی کوردی هەیە لە نووسیندا. ئەکتەرێکی شایستەیە بە هونەری کوردی جوان دەتوانێ بچێتە ناو چەندین و جۆرەها کەسایەتییەوە، هیوای سەرکەوتن و لەش ساغی بۆ دەخوازم.

### تەنیا بەئەکتەر و نواندنکار ناخوێنرێتەوە، ئەوەندەی وەک ڕۆشنبیرێکی ئەو بوارە تەماشا دەکرێت

**نووسەر و ڕۆژنامەنووس وشیار ئەحمەد ئەسوەد بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

بۆ من ئاسان نییە قسە لەسەر هونەرەکەی یاسین بەرزنجی وەك شانۆکار یان نواندنکارێك بکەم، لانیکەم پسپۆڕی ئەو بوارە نیم، بەڵام بەهۆی سەروکارم لەناو کاری ڕۆژنامەوانیی هونەریدا، هاوکات لەڕووی تەمەنیشەوە دەکەومە بەر نەوەی مامۆستا بەرزنجی، بۆیە ڕەنگە لە نەوەی ئێستا پتر بەداهێنانەکانی ئاشنا بم. من زۆر جار لە کۆڕی ڕۆشنبیراندا دوو نموونەم لە داهێنانەکانی یەکەمین کاری هونەرمەنداندا هێناوەتەوە، یەکیان (کاروان عوسمان)ی گۆرانیبێژ بوو کە ناتوانین جگە لە یەکەمین بەرهەمی هەڵسەنگاندنی تری بۆ بکەین لەبەرئەوەی زوو جێی هێشتین، بەڵام توانی بەبەرهەمێك خۆی بەتەواوی هەوادارانی هونەرەکەی بناسێنێ. ئەوی تریان مامۆستا (یاسین قادر بەرزنجی)یە کە دەکرێ وەك نموونەیەکی باڵا لە داهێنانە بەراییەکانی لە هونەرەکەیدا وەریبگرین، چونکە پێشتریش گوتوومە، ئەو لە بەرهەمی «مۆڵەت»دا بەکارەکتەری «بەخە شێت» خۆی پێ ناساندین و بەداهێنانەکەی ئاشنای کردین، بەڵام ئەگەر سەرنجتان دابێ، ویستەکانی ئەو بۆ پێشڤەچوون ئەوەندە ڕژد بووە، لە تەواوی بەرهەمەکانی دواتریدا بەهەمان گەشاوەیی خۆی پێشان دەداینەوە. من دەڵێم جوانییەکانی ئەو هونەرمەندە لە پراکتیزەکردندا، پتر بۆ باکگراوندە ڕۆشنبیرییەکەی لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە، ئەو چونکە خۆی نووسەرە، بۆیە ئاسان هاوشانی هەر کارەکتەرێکی ئاسایی ناوەستێ، یان چوویێتە ناخی هەر ڕۆڵێکەوە، توانیویەتی بەرجەستەبوونێك دروست بکات شیاو بەمێژووە هونەرییەکەی خۆی بێ. بۆیە بەلای منەوە مامۆستا بەرزنجی تەنیا بەئەکتەر و نواندنکار ناخوێنرێتەوە، ئەوەندەی وەك ڕۆشنبیرێکی ئەو بوارە تەماشا دەکرێت.

### ڕۆڵی پردێک دەبینێت لە نێوان دوو نەوە

**شانۆکاری لاو کارۆخ ئیبراهیم حەکیم دیدو بۆچوونی تایبەتی خۆی لە بارەی هونەرمەند یاسین بەرزنجی و لەم بارەیەوە دەڵێت:**

یاسین قادر بەرزنجی لە کوردستان ناوێکی دیار و پڕ لە جموجۆڵی نێو ڕەوتی هونەری بە گشتی بواری دراما و شانۆ بەتایبەتی، جگە لەوەی هەوڵی تەواوی داوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپیشەکانی خۆی لە سەردەم و قۆناغی خۆی کار بکات لەگەڵ ئەوەش خاڵی بەردەوام و گونجان لەگەڵ نەوەی دوای خۆی دروست بکات، کەواتە خۆی ڕۆڵی پردێك دەبینێت لە نێوان دوو نەوەو سەردەمی جیا ئەویش بە کار کردن و هەوڵی بەردەوامی، جیا لەوەش هەمیشە قەڵەم و بەرهەمی عەقڵی خۆی کردۆتە فاکتەرێکی گرنگ لە نووسین و بابەتی شانۆیی و پرسی شانۆیی لە بڵاوکراوەکان، یاسین قادر بەرزنجی بە مانای ڕۆڵی بەرچاو و بەردەوامی لە گەیاندن و هزر و بیرکردنەوەو پەیامی ڕاستەقینەی خۆی دێت، تەمەن درێژی و سەرفرازی بۆ دەخوازم.

**لە کۆتاییشدا گوڵستان سەعید (لێپرساوی بەشی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی) دەربارەی یاسین بەرزنجی دەڵێ:** لە ماوەی کارکردنم لە کتێبخانە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ تا ئێستا، ئەوەی لای من نەخشێنراوەو لەیادەوەری مندا هەردەم دەمێنێ، دڵسۆزی و خەمخۆریی کاك یاسین بووە بۆ کتێبخانە لە دابینکردنی کتێب و سەرچاوە لای ئەم دەزگا و ئەو نووسەرە، ئەو کتێبخانەو ئەو دۆستی کتێب و، مشورخواردنی بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و پاراستنی کتێبخانەکە بوو لەدەستی ئەنفالی بەعس کەپاش کۆتایی پرۆسەی ئەنفالی دێهات و گوندنشینەکان، بەعس کەوتە ئەنفالی کەلتور و ڕۆشنبیری کوردی و هەرشتێك لەسەر مێژوو جوگرافیاو مێژووی کورد نووسرابوایە ئەنفال دەکرا، کاك یاسین یەکێك بوو لەدڵسۆزانی کتێبخانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرۆسەیەو پاراستنی سامانی کەلتوری و مێژوویی کورد و پاراستنی کتێبخانەکە بەشێك بوو لە ئەرکەکانی، جگە لەم دڵسۆزییەی، کاك یاسین لەخۆبردووانەو ماندوونەناسانە فەردە کتێبی ئەدا بەکۆڵدا و لەهەر جێیەکەوە بووایە دەیهێنایەوە بۆ ماڵە ڕەنگینەکەی کتێبخانە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا کاك یاسین یەکەم داهێنانی لە کتێبخانەی گشتییدا کرد کە بریتی بوو لە تێکەڵکردنی هۆڵەکانی خوێندنەوەی کچان و کوڕان،ئێستاش وەك شارەزاو کەسێکی خاوەن ئەزموون، داهێنانێکی نوێی تری لە کتێبخانەی کوردیدا، هەوڵدان و ماندووبوونی ئەم بەڕێزەیە لەبواری ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەندی کتێبخانەدا کە کورد لەم ڕووەوە گەلێك هەژارە، ئەویش دەرکردنی بڵاوکراوەی »ئاسۆی کتێبخانە»یەو بەچاپگەیاندنی چەندان کتێب لەبواری زانستی کتێبخانەو زانیارییەکاندا، ئەمانە بێجگە لەمشورخواردنی کتێبخانەکەو چارەسەری گرفتەکانی لەڕابردوو و ئێستادا.

# هۆزان: لەبەر ئەوەی پاسپۆرتەکەم



هۆزان دەرویش لە ســـاڵی ١٩٨٢ لە شاری کۆبانی رۆژئاوای کوردســـتان لە دایکبووەو هەر لە تەمەنی ٩ ســـاڵییەوە چۆتە ناو بواری هونەری و سەرەتا بە سروودی سیاسی دەستییپێکرد، دواتریش بەردەوام بوو و ئێستا خاوەنی ٥ ئەلبوومی گۆرانی و چەندین ڤیدیۆ کلیپە.

لـــە دیمانەیەکیدا لەگـــەڵ گۆڤاری گوڵان کە بە درێژیـــی لە ژمارەکانـــی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە، باس لە هۆکارەکانی ئەنجام

## کریستاڵ:

# هیچ لە کاری ماڵەوە نازانم



کریستاڵ دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانەو تا ئێستا بەشـــداری لە هەرسێ زنجیرە درامای (ڕابوون، گەردەلوول، ئارەزوو) دا کردووەو بەرهەمێکی گۆرانیشـــی بڵاوکردۆتەوە کە لە (١٢) تراك پێکدێت بە ناوی (وەیش) .

لـــە پێوەندییەکدا لەگـــەڵ گۆڤاری گوڵان کریســـتاڵ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، ســـەرەتا بەنواندن هاتووەتـــە نێوبواری هونەرییەوە، هەرچەندە پێشـــتر لەگەڵ گرووپی منداڵان گۆرانی وتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەهرەی گۆرانیشـــی هەیە بۆیە ئێستا لە هەردوو بواردا کار دەکات، ئەمەش کارێکی ســـەخت نییـــە، چونکە بۆ هەر بوارێك کاتی تایبەتی دیاری دەکات واتـــە لە یەك کاتدا هـــەردوو کارەکە ئەنجام نادات، کریســـتاڵ لە درێژەی دیمانەکەیدا دەڵێ:

هەرچەندە دایکم زۆر هانیداوم بۆ گۆرانی گوتن، بەڵام هیچ یارمەتی نادەم، چونکە بە ڕاشـــکاوی دەڵێم لە کاری ماڵەوە هیچ نازانم نەخواردن ئامادە کردن و نە هیچی تر.

کریســـتاڵ دەربارەی ڕۆڵەکانی لـــە درامادا وتی: هەر ســـیناریۆیەك کە قەناعەتم پێـــی هەبووبێت کە دەتوانـــم تێیدا ســـەرکەوتووبم و بە باشـــی ڕۆڵەکە بەرجەستە دەکەم بەخۆشحاڵییەوە بەشداریم تێدا کردووە

لە کۆتایی لێدوانەکەشـــیدا وتی: لە بواری گۆرانی و نواندندا بە نیازی ئەنجامدان و بەشداری کردنم لە چەند کارێکـــی هونەری نوێدا کە لە کاتـــی خۆیدا بە جەماوەری ڕادەگەیەنم.

# جۆری ئێسە، زۆر كارم لە دەستچووە

نەدانی كۆنسێرت لە دەرەوەی وڵات دەكات و دەڵێت: من ساڵانە چەندینجار لە دەرەوەی كوردستان بانگهێشت دەكرێم بۆ سازدانی ئاهەنگ و كۆنسێرت بەتایبەتی لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز بۆ ئەوەی لەگەڵ كوردانی دەرەوەی وڵات ئاهەنگ بگێڕم، بەڵام لەبەر ئەوەی كێشەی پاسپۆرتم هەیە، ناتوانم سەفەر بكەم، هۆزان هەروەها دەڵێ: پاسپۆرتەكەم لە جۆری ئێسە ئەم جۆرەش ئێستا لە زۆربەی وڵاتان كاری پێناكرێت، بۆیە نەمتوانیوە سەفەر بكەم و بە بینینی جەماوەرەكەم شاد بم، لێرەوە لە ڕێگای گۆڤاری گوڵانەوە داوا لە فەرمانگەی پاسپۆرت و لایەنی پێوەندار دەكەم كە چارەسەری ئەم گرفتەی من بكەن و لەم مافەم بێبەش نەكەن، من چەندین جار سەردانم كردون بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر ناسنامەكەم نووسراوە (لەدایكبووی سوریا)یە پێم دەڵێن ناكرێت تۆ جارێكی دیكە داوای پاسپۆرت بكەیت هیوادارم چارەسەرێكی ئەم گرفتەم بكەن.

## مۆنیكا بەم زووانە ناگەڕێتەوە



چەند رۆژنامەیەكی ئیتاڵی لەسەر زاری مۆنیكا بیلۆشی ئەستێرەی سینەمایی جیهانی رایگەیاند، كەوا ئێستا لە خۆشترین ساتەكانی ژیانیدایە و چێژ لە هەر چركەیەك وەردەگرێت.

مۆنیكا ئێستا زۆربەی كاتەكانی لەگەڵ كچەكەی (لیۆنی ) بەسەر دەبات و بەم دواییەش چەند وێنەیەكیان لە رۆژنامە و گۆڤارەكانی ئیتاڵیا بڵاوبۆوە كاتێك لە قاوەخانەیەكی ڕۆما دانیشتبوو و پێدەچوو زۆر دڵخۆش بێت بە ژیانی ئێستای، لەلایەكی دیكەوە چەند سەرچاوەیەكی نزیك لە مۆنیكا رایانگەیاند كەوا لە ئێستادا بە هیچ شێوەیەك بیر لە گەڕانەوە ناكات بۆ كاری هونەری و دەیەوێ هەموو كاتێكی خۆی بۆ پەروەردەكردنی لیۆنی تەرخان بكات و چێژ لە هەر چركەیەك وەربگرێت كە لەگەڵیدا بەسەری دەبات، شایەنی وتنە ئێستا مۆنیكا هاوسەری ئەكتەری فەرەنسی فینسنت كاسیلە و دوو منداڵیان هەیە دیڤا كە تەمەنی ٦ ساڵە و لیۆنی كە تەمەنی هێشتا ساڵێكی تێپەڕ نەكردووە.



## ئیلیسا: ئەوەی لە سوریا روودەدات تاوانە

ئەستێرەی گۆرانی ومۆزیكی لوبنانی ئیلیسا ڕووداوەكانی سوریای بە تاوان و قڕكردنی گەلی سوریای وەسف كرد.

ئیلیسا بە توندی رەخنەی لە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی سوریا بەرامبەر بە گەلی سوری كە داوای ئازادی و دیموكراسی و هەڵبژاردنی دەسەڵاتەكانی دەكات و كاردانەوەی رژێمی سوری بە تاوان وەسف كرد و ڕاشیگەیاند كەوا گەلی سوریا مافی خۆیەتی بە ئاشتی و دیموكراسی بژی.

لەلایەكی دیكەوە ئیلیسا ئەو هەواڵانەی رەتكردەوە گوایە هێرشی كرووەتە سەر شۆڕشی گەلی میسری و ئاماژەی بەوەش كرد كە تا ئێستا سروودی نیشتمانی نەوتووە، چونكە لەو كاتانەدا ئەو دەیەوێت تەنیا مرۆڤ بێت.



# لەوبڕوایەدا نەبوو یەکەم کلیپی لەشاشەکان داببەزێت

هونەرمەمد کوردە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە توانی لەماوەیەکی کورتدا سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێت و جێگای خۆی بکاتەوە لەنێو هونەری کوردیدا، کوردە لەلێدوانێکدا بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند»هەر لەسەرەتای دەست پێکردنییەوە بەکاری هونەری هونەرمەند (زیاد ئەسعەد) کە لەکارەکانیدا زۆر هاوکاری کردووە بۆیە پێی وایە ئەو هونەرمەندە کەسێکی بلیمەت و بەتوانایە،دەڵێت:چونکە کاری جوانم لێ بینیوەو لەکارەکانی سەرکەوتوو بووە. کوردە ئەوەش دەخاتەڕوو،کاتێك دەستی بەکاری هونەری کردووە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو کەلەلایەن جەماوەرەوە خۆشەویست بێت،دەشڵێت،تەنانەت باوەڕم نەدەکرد کەکلیپەکەشم لەشاشەکان داببەزێت. لەبارەی ئەوەی تاچەند سوود لە ئینتەرنێت دەبینێت لەبۆکاری هونەری کوردە وتی»تا ڕادەیەکی زۆر سوود لەئینتەرنێت دەبینم بۆ بواری هونەری چونکە ئەمڕۆ سەردەمی تەکنەلۆژیایەو لەرێگای ئینتەرنێتەوە زۆر لەمیوزیك دەگەرێم و تاڕادەیەك بۆهونەرمەندان کاری ئاسان کردووە وەکو کۆنتاك کردن لەگەڵ هونەرمەندان چەندین کاری تر، بۆیە کارەکانم زۆربەیان لەڕێگای ئینتەرنێتەوەن و کوردە ئەوەشی ڕوونکردەوە کە کەسێکە هەرگیز کەس سەری لێدەرناچێت، دەڵێت»بەڵام زۆرجار کۆسپ دێتە پێشم لەکارەکانم)).



# لۆکە بۆ گوڵان: حەز ناکەم لە هیچ کەسێک بچم

**لۆکە زاهیر لەسـاڵی ١٩٨٨ لەشاری سـلێمانی لەدایکبووە، بەڵام ئێستا لەگەڵ خانەوادەکەی نیشتەجێی وڵاتی سویسـرایە، لۆکە هەر لەمنداڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی وتن و کاری هونەری بووەو ماوەی چەند سـاڵێکە خەریکی ئەنجامدانی کاری هونەرییە لە بواری گۆرانی گوتن و تا ئێستا چەند ئەلبووم و ژمارەیەك کلیپی بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی ڕەخنە لە ستایل و شـێوازی دەرکەوتنی دەگیرێت، بەڵام لـەرووی هونەرییەوە خاوەن دەنگێکی زۆر خۆش و لە ئەداکردنی گۆرانیشـدا سـەرکەوتوو بووە، ئەمە جگە لەوەی جوانی ڕووخساریشی یەکێك بووە لە هۆکارە تەواوکەرەکانی سـەرکەوتنی لۆکە کە ئەمەش مافێکی سروشتی هەر هونەرمەندێکە هەرچەندە هونەر بە جوانی و ڕووخسار پێوانە ناکرێت.**

**لـە دیمانەیەکدا لۆکە زاهیر باسـی لە چەند لایەنێکی تایبەت بـە ژیانی هونەری خۆی و بەرهەمی داهاتووی دەکات.**

بەردەوام بوونی هونەرمەند لە سەر کاری هونەری بەتایبەتی لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا پێویستی بە چەند هۆکارێك هەیە، دەربارەی ئەو هۆکارانە دەڵـێ: فاکتەری یەکەم تایبەت بـە گۆرانیبێژ بوونی میلـۆدی دانەرێکە کە دەنگت بناسـێ وخاڵێکی زۆر گرنگە بۆ بەردەوام بوون و پێشکەش کردنی کاری باشـتر، دواتر بوونی باکگراوندی ڕۆشنبیری گشتی و هونەری، هەروەها بەردەوام بـوون لە پرۆڤـەی ڕۆژانـە و موتابەعەکردنی ڕۆژانەی کارە هونەرییە ناوخۆیی وجیهانییەکان، دواتریش توانای دەنگی و هەڵبژاردنی تێکسـتی جوان ڕەزامەند بوونی جەماوەر لەکارەکانتدا.

زۆر کـەس دەڵێـن هەندێـك لـە ئافرەتـە گۆرانیبێژەکان(لۆکـەش یەکێکە لەوان) لەڕووی هونەرییەوە هیچیان پێ نییە، بەڵکو تەنیا پشـت بەشێوەو ڕوخسـارو خۆ ڕووت کردنەوە دەبەستن، ئەگەر ڕووخسـاری لۆکە جوان نەبوایە دەبوو بە گۆرانیبێژ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا لۆکە وتی: من شـانازی بەوە دەکەم کە توانای دەنگم هەیەو جەماوەریش شایەت حاڵی ئەوەن و بەردەوام بوونم لە پێشکەشکردنی کاری نوێ و پێشوازی لەلایەن جەمـاوەر لەم کارانە بەڵگەیـەك بۆ پێچەوانەی پرسـیارەکەی بەڕێزتان من بە کاری باش و دواتر داهێنەرێکـی وەك کاك هەڵکـەوت زاهیر ڕازییە لەسـەر دەنگم، دوای دوو ساڵیش توانیم خەڵاتی باشـترین لاوی سـاڵ وەرگرم و ئەمانە بەشێکن لەسەرکەوتنەکانم .

هەر هونەرمەندێك پـشـت بەچەنـد هۆکارێك دەبەسـتێت بۆ سـەرکەوتنی لۆکە، پێیوایە کە مرۆڤێکی لەسـەرخۆیە لەژیانیـدا، هەر گرفت و ئاسـتەنگێك ڕووبـەڕووی ببێتـەوە دەتوانێت بەرەنـگاری ببێتەوەو هەوڵی چارەسـەر کردنی دەدات، بەتایبەتـی لە بـواری هونەریدا، لۆکە هەروەها دەڵێت: سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆم، لای من هونەر لە پێش هەموو شـتێکە لە ژیاندا تەنانەت دایکایەتیش.

ناوبانـگ دەرکـردن یەکێکـە لـە ئاواتەکانی هونەرمەندان، لۆکە لەم بارەیەوە دەڵێت: جگە لە ناوبانگ ئاواتی من خزمەت کردنە بە کەلتوور و هونـەری میللەتەکەم ئەمـە تەنیا ئاواتمەو هیچی تر.


بـەم دواییـە لۆکە لـە چەنـد وێنەیەکدا بە جلوبەرگـی کوردی دەرکـەوت دەربارەی ئەم دەرکەوتنە تازەیەی لۆکە دەڵێ: من پێم خۆشە هەموو شـتێکی جوانی خۆمـان بەکار بهێنم، جلو بەرگی کوردی سـیمایەکی جوانی هەیەو هەمیشە لەکارە هونەرییەکانم بەکارم هێناوە.

هونەرمەنـدە لاوەکان و ئەوانەی لە سـەرەتای کاروانی هونەریدان، ڕەنگە پێویستیان بەدانانی بەرنامەیەکـی تایبەت بەخۆیان بێت بۆ ئەوەی پەرە بەهونـەری خۆیان بدەن، سـەبارەت بەم خاڵەش لۆکە پێیوایە ئەو کەسانەی لە سەرەتای کاروانـی هونەریدان پێویسـتیان بەکاری باش و نوێخوازی هەیـە لەموزیك و گۆرانی دوور لە خۆ بەسـتنەوە بە هیچ شێوەیەك،پێویسـتە بەرەو ڕووی هەموو جۆرە ستایلەکانی موزیك، کرانەوەیەك هەبێت

دەربارەی بوونی جۆرێـك لە رکابەرێتی لەنێو هونەرمەنـدان و ئایا لۆکـە رکابەرێتی کەس دەکات لـە وەڵامدا وتی: مـن رکابەرایەتی لەگەڵ کـەس ناکەم تەنیـا خەریکی کاری خۆمم و بەو شـتانەوە سەرقاڵ نیم کە باسیان دەکەیت.

لە وەڵامی ئەو پرسـیارەش کـە ئایا دەیەوێت لە چ هونەرمەندێـك بچێت دەڵێ: من لۆکەم حـەز ناکەم لە هیچ کەسـێك بچم، بەڵام من سەرسامم بە هونەرمەندی گەورە (ئەسمەهان) کە بەلوتکەی هونەری دنیای دادەنێم

سەبارەت بە بەرهەمی داهاتوویشی لۆکە زاهیر بە گوڵانی ڕاگەیاند کەوا ئێسـتا سـەرقاڵی کارکردنە لەدوو ئەلبوومدا، یەکێکیان بەزاراوەی کرمانجـی و ئەوی تریان زاراوەی سـۆرانی، سـەرجەم کارەکانیشـی لەگەڵ مامۆسـتا هەڵکەوت زاهیر ئەنجامداوە.



## لوقمان سەلیم لەچی نیگەرانە..؟

هونەرمەنـد لوقمـان سـەلیم لەلێدوانێکیدا بۆ گۆڤـاری گـوڵان، بـاس لەبوونـی ئافرەت دەکات لەکلیپە کوردیـەکان، هەروەها جەختیش لەوەدەکاتـەوە کـە هەرگیز کلیپ پێـوەر نییە بۆناساندنی هونەرمەند لەلایەن جەماوەرەوە .

لوقمـان سـەلیم یەکێکەلـەو هونەرمەنـدە بەتوانایانـەی کە ماوەیەکی زۆرە لەنێو هونەری کوردی کاردەکات و توانیویەتی سـەرکەوتنێکی باش لەبـواری گۆرانی وتن مەقام بەدەسـت بهێنێت،لەسـاڵی ١٩٩٦ یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی (شـەوانی بێ تۆیـی) تۆماردەکات، لەلێدوانێکدا بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند»زۆر نیگەرانـم بەرامبەر بەوەی کەئێسـتا زۆربەی کلیپـە کوردییەکان بۆ دەرخسـتن و ناوبانگی خۆیان چەند ئافرەتێك نمایش دەکەن،پێشم وایە، تەنانەت ئەگـەر ئافرەتەکە بیانیـش بێت ئەوا سوکایەتی بەجەستەی ئافرەت دەکرێت و هیچی تـر نییە. لوقمان ئاماژەی بەوەشـدا کەداهاتی ماددی چەند سـاڵەی خۆی لەسەرکارکردنی ئافرەت بووەو لەو بارەیەوە دەڵێت»چونکە چەندین ساڵە کاری بەرگدروێتی بۆئافرەتان دەکەم، بۆیە هەمیشـە ڕێزلەئافرەت دەگرم،جگە لەوەش ئێمە هەموومان بەهـۆی ئافرەتەوە دروسـت بووین وژیان دەبەینەسـەر. لەبارەی ئـەوەوەی تاچەند کلیپ پێـوەرە بۆناسـاندنی هونەرمەند لوقمان وتی»زۆرجـار گۆرانی هەیە کە تێکسـت و ئاوازی باشـە بێ ئەوەی بکرێت بەکلیپ ئەوا لەنێو خەڵـك ئاشـنابووە،هەروەها هونەرمەندە کۆنـەکان هیچیان کلیپیـان بۆگۆرانییەکانیان نەکردووەو هەمووشـیان لەنێوخەڵك ناسراون، تاکو ئێسـتاش بۆیە بەڕای مـن هیچ کاتێك کلیپ پێوەر نییە بۆناساندنی هونەرمەند.لوقمان ئەوەشی خستەڕوو، بۆ هەڵبژاردنی تێکستەکانی هەمووی لەسەر هەست وسـۆزی خۆیەوە هەڵدەبژێرێت و دەڵێت»هیـچ کاتێك بۆهەڵبژاردنی تێکسـتی گۆ را نییە کا نم خـۆم ئامادەناکەم،هـەر تێکسـتێکی جوان ببینم، گەرهەست و سـۆزم بـۆی بچێـت دەیکەمە گۆرانی.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: ڕۆشنە عومەر